# چەمکی وشە و گرفتەکانی لەئاستەکانی شیکردنەوەدا :ڕوانگەیەکی سیمانتیکی

د.دیار عەلی کەمال/ زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلیژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ بەشی کوردی

## ١-١ هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی توێژینەوەی زمانییەوە، وشە بە دانەیەکی تەنیا و سەربەخۆ و تاکڕەهەند دانراوە، دانەیەك کە لە دەرکەوتندا سەربەخۆیە و فۆرمێکی دەنگی و ئۆرتۆگرافیایی هەیە و هەڵگری واتایە. لێرەشەوە وشە وەك دانەیەکی سەرەکی واتا لەقەڵەم دراوە. ڕێزماننوس و زمانزانەکان لەمەش زیاتر ڕۆیشتون و ئاماژەیان بەوە کردوە کە بەدوایەکداهاتنی چەند وشەیەك بە سیستەمێکی دیاریکراو ڕستە ڕۆ دەنێ .

ئەوەی کە مایەی سەرنجە و ئەم توێینەوەیە دەیەوێ تیشکی بخاتە سەر ئەوەیە کە وشە_وەك دانەیەکی زمانی_تاکڕەهەند نییە، بەڵکو بە سروشتی خۆی فرە ڕەهەند و ئاڵۆزە، ئەم فرە ڕەهەند و ئاڵۆزییەی وشەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

یەکەم: وشە هەڵگری (بیر)ە.

دووهەم: وشە یەکەیەکی شوێنی- کاتییە.

## ١-٢ گرفتی توێژینەوەکە:

ئاڵۆزی و فرەڕەهەندی ئەم دانە زمانییە(وشە)، لە ئاستە ڕۆنانییەکانی زمان و لە ئاستە شیکردنەوەییەکانیشیدا، گرفتی دروست کردوە. بەڵگەشمان ئەوەیە، کە ماوەیەکی زۆر زمانەوانی خەریکی پێناسەکردنی چەمکی وشە بو، بەلاّم زمانەوانەکان لەناو خۆیاندا ، لە بەرامبەر پێناسەی وشەدا تەبا و یەکڕا نەبوون، ئەنجامی خەریکبونی زمانەوانیش بە پێناسەی وشەوە، بەجۆرێك کەوتەوە کە بۆچونە ڕۆنانییەکان بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر کەرەستە ڕۆنانییەکان و دۆزینەوەی یاسا ڕۆنانییەکاندا پشت لە وشە بکەن و دەستبەرداری چەمکی گرفتاوی وشە ببن، لە بەرامبەریشدا (مۆرفیم ) بهێننە کایەوە.

لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە پێیوایە چەمکی وشە دانەیەکی گرفتاوی و دەستلێهەڵنەگیراوە لە ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانیدا. گرفتەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە بنەڕەتدا وشە دانەیەکی مۆرفۆلۆجی نییە، بەڵکو وەك یەکەیەکی زمانی لە لە یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی گەورەترە و تیان دەپەڕێنێ.

### ١-٣ گریمانەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکا کە لە بنەڕەتدا وشە دانەیەکی ڕەهای هیچ ئاستێکی ڕۆنانی و شیکردنەوەیی زمان نییە, بەڵکو یەکەیەکی زمانیی گەیاندنە و لە کردەی شیکردنەوەدا تەوەرەییە.

### ١-٤ ڕوانگە و ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە ڕوانگەی سیمانتیکی لۆجیکییەوە و بە پشت بەستن بە بنەمای هۆهێنانەوە explanation مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکەدا کردووە.

## ٢ – ناوەڕۆك

### ٢-١ دەروازە

وشە دانەیەکی گرنگە لە بواری ئەو توێژینەوانەدا کە لەبارەی پێکهاتەی زمانەوە ئەنجام دەدرێن. هەرچەندە دانەیەکی دێرینەو ڕەنگە بە درێژایی توێژینەوە زمانی و لۆجیکییەکان باس کرابێ، بەڵام تا بە ئەمڕۆش دەگا، مایەی مشتومڕی نێوان زمانەوانی ، لۆجیك و هەندێ زانستی تریشە[1].

وەك لە پێشەکی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێ درا، وشە دانەیەکە کە گرفت بۆ ئاستە ڕۆنانییەکانی زمان و ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانیش دروست دەکا، ئەم گرفتەش لەوەوە هەوڵی چارەسەری دەدرێ کە سەرەتا توێژینەوەکە گومان دەخاتە سەر ئەوەی، وشە دانەیەکی ڕەهای ئاستێکی دیاریکراو بێ و دەبێ لەو ڕوانگەیەشەوە سەیر بکرێ کە گەیەنەرێك بێ بۆ بیر، لەچوارچێوەی دەرکەوتنی جیاجیادا.

### ٢-٢ گرفتی پێناسەی وشە :

لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا، بەدەیان جار پێناسەی وشە کراوە و بە دەیان جاریش پێناسەکان کەوتونەتە بەر ڕەخنە و ڕەت کراونەتەوە. لای ڕۆنانکارەکان وشە ئەو کەرەسەیەیە کە پشت و پێشی بە وەستان گیراوە، لای هەندێ، وشە(( بچوکترین یەکەیە کە ڕستەی لێ پێك دەهێنرێ)){Matthews :٤٣٦} یاخود ((بچوکترین دانەی واتادارە لە ئاخاوتندا)){ ستیفن اولمان :٢٦}، لە نوسیندا ((وشە بەدوایەکداهاتنێکی تیپییە، دەکەوێتە نێوان دو بۆشاییەوە)) لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە وشە لە ڕوانگەیەکی مادییەوە سەیر کراوە و وەك پێکهاتەیەکی بەرجەستە

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پێناسەی وشە و گرفتەکانی لەئاستی ڕۆنانیی مۆرفۆلۆجیدا، بڕوانە:

- ڕەفیق شوانی(د.)، ٢٠١١، وشەسازی زمانی کوردی،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر.
- ستیفن أولمان،١٩٨٦، دورالكلمة في اللغة،ت :كمال محمد بشر(د.)،مصر.
- عەبدولوحید موشیر دزەیی(د.)،٢٠١٠،واتاسازی وشە و ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
- محەمەدیمەحوی(د.)،٢٠٠٩،زانستی هێما:هێما، واتا و واتالێکدانەوە،ب١ و ٢،زانکۆی سلێمانی ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی .
- Katamba,F. and Stonham,T., 2006, Morphology, Palgrave Macmillan.

باس کراوە، چونکە بەر هەستی بینین دەکەوێ و بەهۆی بۆشایی پێش و پاشیەوە دەناسرێتەوە. {hartmann:256}،هەر پێناسەیە و بەجۆرێك هەوڵیداوە سروشتی وشە دیاری بکا و لەدانەکانی تری جیا بکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە بەدەستهاتوە ئەوەیە کە پێناسەکان نەیانتوانیوە شوناسێك بدەنە وشە کە جیای بکاتەوە لە دانە زمانییەکانی تر، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانویست لە ڕوانگەی ڕۆنانەوە سەیری بکەن و (واتا)ش بکەن بە پێوانە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم پێوانەیە لەگەڵ ئەم ڕوانگەیەدا، ئەنجامێکی شیاوی بەدەستەوە نەدا ،چونکە(( وشە دانەی گوزارشتکردنە لە زمانی ئاخاوتن و لەزمانی نوسینیشدا)){Crystal: 419}،گوزارشتکردنیش کردەیەکە پابەندە بە ئیدراك، بیر و واتاوە. کاتێکیش ئەوانە دێتە ناوەوە، ئەوا ئەو ڕاستییە خۆی دەنوێنێ کە چەمکی وشە و ڕەهەندە لاوەکییەکانی ئاڵۆزە و نەك تەنیا مەودای یەکەی ڕۆنانی تێدەپەڕێنێ، بەڵکو ئەو گرفتەش دێنێتە ئاراوە کە واتا هەمیشە لەوە زیاترە کە پەیوەندییەکی وابەستەیی بێ لە نێوان (وشە)و(شت)دا، چونکە لە بنەڕەتدا وشە ((گوزارشتکردنە لە بیری پەنهان و شاراوە)){الأنجیل قراءة شرقیة :١٩} بیرو دیاردەکانیش سادە نین و ناکرێ لەیەك ئاستی شیکردنەوەدا بۆ کەرەستەی چونیەك و هاوئاست شیبکرێنەوە.

کاتێ فینچ دەڵێ(( ڕەنگە ئێمە وابزانین کە ئاسانترین پێناسە بۆ وشە سیمانتیکییە، کە پێی وایە وشە دانەیەکی واتاییە، بەڵام لەبەرئەوەی فرەیز و دانە لەوشە گەورەترەکانی تریش واتایان هەیە، ئەوا گرفت بۆ ئەم پێناسەیە دروست دەبێ )) تا لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ڕایەی بڵی ((باشترین بوار بۆ پێناسەی وشە سینتاکسە)) {Finch: ١٣٣}، بێگومان ئەم بۆچونە حوکمدانە لەسەر شوناسی وشە بەهۆی ڕوخسار و دەرکەوتنیەوە نەك بەهۆی چییەتی وشەوە، چونکە هەر لەبۆچونەکەوە ئەوە دەردەکەوێ کە چییەتی وشە لە ناوەرۆکە واتاییەکەیدایە.

دیارە لەم بارەدا گرفتی پێناسەی وشە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە(( وشە یەکگرتنی دەنگ و واتایە، بەمەش دەبێتە بوئرەیەکی شاز و بێ وێنە و کێشە و پرۆبلێمی زمانەوانی و فەلسەفی و سایکۆلۆژی تێ دەرژێت)){فاروق عومەر : ١٥}. لێرەوە ئیتر لقێکی تری گرفتەکانی دەست پێدەکا و بیر بۆ ئەوە دەچێ کە ئەگەر وشە یەکگرتنی واتا و فۆرمی دەنگی بێ ئەی بۆچی کاتێ فۆرمەکە دەگۆڕین یان کەرت دەکەین واتای تەوەرەیی کەرت نابێ؟

کاتێ پاڵمەر دەڵی : ((پێناسەکردنی وشە بە نەریتەوە بەندە)){بالمر:٤٠}، ئەوا مەبەستێتی ئەو ڕاستییە بخاتەڕو کە لە سنوری هەر ئاستێك لە ئاستە ڕۆنانییەکانی زماندا، ناتوانرێ وەك دانەیەکی ڕەها مامەڵە لەگەڵ وشەدا بکرێ، بەڵگەشمان ئەوەیە کاتێ لەهەر

مرۆڤێکی ئاسایی بپرسین ئەم ڕستەیە( مەبەست ڕستەیەکی دیاریکراوە لەو کاتەدا) لەچەند وشە پێکهاتوە؟ وەڵامێکی دروستمان بەدەستەوە دەدا، بەڵام کاتێ هەمان مرۆڤ لە بەرامبەر پرسیارێکی وەك (وشە چییە؟) دا ڕابگرین ، ئەوا وەڵامێکی دروستمان دەست ناکەوێ[2].

## ٣-٢ گرفتی سەرپێبوونی وشە:

مەبەست لە گرفتی سەرپێبون ئەوەیە وشە ئێنتیما بۆ چ ئاستێك لە ئاستە ڕۆنانییەکانی زمان دەکا و دەبێتە دانەی ڕەهای چ ئاستێك لە ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان [3]. وەك لە دواتردا شیکردوەتەوە.

توێژینەوەکە_ وەك لە هۆی هەڵبژاردن و ئامانجەکەیدا خرایە ڕوو_ پێیوایە وشە دانەیەکی زمانیی ڕەها نییە و ناتوانێ بە تەنیا سەر بە یەك ئاست لە ئاستەکان بێ. چونکە هەر وشەیەکی

---

[2] تەنانەت ئاخێوەرانی نەخوێندەواری هەر زمانێکیش ، لە زمانەکەیاندا، هەست بە بونی وشە دەکەن و دەتوانن وشەکان لە یەکتر جیا بکەنەوە، بەڵام هەندێجار ڕای جیاواز دروست دەبێ سەبارەت بەوەی کە ئایا _بۆ نمونە_ وشەیەکی وەك: دەست خۆش ، یەك وشەیە یاخود دو وشە؟ نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لە زمانە (پۆلیسینسێتیك–polysynthetic )ەکاندا_ کە زمانی کوردیش یەکێك لەو زمانانەیە_، ئەم وشەیە یەك ڕستەشە. بڕوانە( Katamba, F. and Stonham, T., 2006, Morphology, Palgrave MacMillan, p.17.)

هەروەها لەهەندێ باریشدا دەبینین هەندێ وشە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە مۆرفیمی بەند(پاشگر) دادەنرێن، لەکاتێکدا پێشتر وشە بون و ئێستا بەکارهێنانیان وەك وشە لەدەستداوە و ئەرکیان تەسك بووەتەوە و وەك پاشگر کار دەکەن. بۆ نمونە وشەیەکی وەك :

سەرباز = سەر + باز

ڕەگی کاری (باختن – دۆڕاندن) ە ، بەڵام ئێستە لەم وشەیەدا وەك پاشگر کار ەکات و بەکارهێنانی وەك کار نەماوە، ڕەنگە دوا بەکارهێنای (باز) وەك وشە لە نوسینی کوردیدا لەم دێڕەی مەحویدا بێ :

سەرت پێ لازمـــــە مەیبازە "مەحوی"

دەبێ دولبەر کە هات ئێمە بەسەر چین **دیوانی مەحوی** ..... .. ل٢٥٠

دیارە لێرەشدا سەرباز بە واتای ئەو کەسە نایەت کە سەر دەدۆڕێنێ، بەڵکو واتایەکی مێتافۆڕی وەرگرتوە و بە واتای ئەو کەسەی کە سەر دەبەخشێ دێ.


[3] ئاستەکانی شیکردنەوەی زمان بریتین لە :

- ئەو ئاستە شیکردنەوەییەی زمان کە ئامانجییەتی وەسفی یاسا ڕێزمانی و مۆرفۆلۆجییەکان بکا و پەیوەندییە تێکچڕژاوەکانی نێوانیان دەسنیشان بکا.
- ئاستی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی کە پەسنی فەرهەنگ و پەیوەندییە ڕۆنانییە سیستماتیکییەکانی نێوان دانە فەرهەنگییەکان دەکا.
- ئاستی شیکردنەوەی فۆنۆلۆجی کە پەسنی ئەوە دەکا چۆن گوزارشتکردن لە ئاستەکانی: مۆرفۆلۆجی، ڕێزمان و فۆنۆلۆجیدا دەبێتە ڕەمزی ئاکۆستیکی بیستراو.
- ئاستی شیکردنەوەی واتایی توێژینەوە لەوەدەکا چۆن زمان ئەرکە واتاییەکەی خۆی هێئەنجام دەدا بە مەبەستی بەدیهێنانی کردەی گەیاندن لەنێو خەڵکدا. {یحیی عبابنە :١٩}

تەنیا لە ڕاستیدا (تەنیا) نییە، بۆ نمونە وشەیەکی وەك: (قەڵەم)، لەکاتی گۆکردندا بێژەیەکە لە شەپۆلی دەنگی(ق.ە.ڵ.ە.م) ، بەر گوێی (وەرگر) دەکەوێ، بەمەش دەبێتە دیاردەیەك. لەکاتی نوسینی وشەکەشدا، دیسانەوە دەبێتە دیاردەیەکی فیزیکی و وەك وێنەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، چونکە لە گەردیلەی مادی پێك دێ{زکی نجیب: ١٣،١٤}، لێرەدا وشە گۆکراوەکە دەبێتە بیسراو، بیستراوەکە دەبێتە نوسراو و لەلایەن کەسێکیشەوە کە بتوانێ بیخوێنێتەوە وشەکە دەبێتە بینراو. بەمجۆرە ئەوە دەردەکەوێ کە وشە لەم ڕوانگە سیمانتیکییە لۆجیکییەوە چوار لایەنی هەیە[٤].

لەدەربڕیندا:
- بێژراو بەلای ئاخێوەرەوە دەبێتە دانەیەکی بێژراو
- بیستراو بەلایوەرگرەوە دەبێتە دانەیەکی بیستراو

لە نوسیندا:
- نوسراو بەلاینوسەرەکەیەوە دەبێتە دانەیەکی نوسراو
- خوێندراو(بینراو) بەلایخوێنەرەکەیەوە دەبێتە دانەیەکی خوێندراو




**هێڵکاری -١-**

لێرەشدا دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە وابەستەیی توندی نێوان دەربڕین و نوسین ، یاخود بیستن و بینین وادەکا وشە وەك یەك دانەی ڕەها سەیر بکەین، لە کاتێکدا ئەم وابەستەییە کردەیەکی وەهمییە و دەستکردی زەینی ئێمەیە و پابەندە بە بنەمای پێکەوەهاتن(مولازەمە)وە. بۆیە لەئاستە سەرەتاییەکانی درکپێکردندا جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە. دوبارە دەبێ لەوەش وردبینەوە کە لایەنی دەربڕینی وشە کاتییە (واتە: بەدوایەکداهاتنی شەپۆلەکانی

4 ئەم بۆچونە لەڕوی مێژووییەوە ڕەگوڕیشەیەکی( ئەبیکۆر) ی هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عبدالرحمن بدوی(د.)،١٤٢٧ه، موسوعة الفلسفة، الجزء الأول، قم ، ایران، ص ٥٢٣.

دەنگی وشەکە لەلایەن نێرەرەوە و بەدوایەکداهاتنی هەمان ئەو شەپۆلانە لەلایەن گوێی وەرگرەوە، کردەی بەدوایەکداهاتنی کاتین) چونکە وشە تۆن و ریتم و درێژی شەپۆل و هتد.... ی هەیە ، لەبەرامبەریشدا لایەنی ئارتۆگرافیایی وشە شوێنییە(واتە: کردەی بەدوایەکداهاتنی تیپەکان لەلایەن نوسەر و کردەی بەدوایەکداهاتنی ئەو تیپانەی وشەکە لەلایەن خوێنەرەکەیەوە کردەی بەدوایەکداهاتنی شوێنین). لەم ڕوانگەیەوە "زمانەوانی دەتوانێ جیاوازی لەنێوان وشەی فۆنۆلۆجی و وشەی ئۆرتۆگرافی orthographic دا بکا"{Finch: ١٣٢}، ئەمەش ئەوە زیاتر ڕوندەکاتەوە کە فۆرمی فۆنۆلۆجی وشە دەرکەوتنە کاتییەکەی وشە و فۆرمی ئۆرتۆگرافیایش دەرکەوتنە شوێنییەکەیەتی.

## ٢-٤ گرفتی سەرەتا و گرفتی زمان

لە دەستپێکی ئینجیلی یۆحەننا دا هاتووە:(( لەسەرەتادا وشە بووە، وشەکە لای خوا بووە، وشەکە خوا بووە.....)){الکتاب المقدس :٢٥٢}. ئەم دەستپێکەی ئینجیل سەرنجی هەندێ لە توێژەرانی بۆ خۆی ڕاکێشا و بۆ ئەوەی بردن کە وشەی (وشە) لەم سیاقەدا بە واتای زمان دێ، بەمەش ئەوەیان پێ ڕون دەکردەوە کە زمان بەخششە و هەر لە بنەچەوە هەبووە، بەڵام ئەمجۆرە مامەڵە کردنە لەگەڵ (وشە) لەم دەقەی ئینجیلدا، دیسانەوە گرفتێکی هێنایە ئاراوە کە لۆجیك وەری نەگرت و ڕەتی کردەوە، لەناوەرۆکیشدا، ڕەنگە سەرهەڵدانی بۆ دو لایەن بگەڕێتەوە:

**لایەنی یەکەم**: زاراوەکە لە بنەڕەتدا بە ( لۆگۆس– Logos ) هاتووە و لە نوسخە وەرگێڕدراوەکاندا کراوەتە (وشە– Word). واتای لۆگۆس لەزمانەوە نزیکترە تا وشە، وردترو زانستیتریش بڵێین،(( لۆگۆس بە واتای (مەسەلە– proposition) دێ، کە بەلایەنی کەمەوە لە (بنە–Onoma ) و (بار– Rhėma) پێك دێ)){سیلفان اورو:١٢}.

**لایەنی دوهەم:** بەڕێم توێژینەوەیە پێی وایە ، ئەو واتایەی (وشە –logos) لەم سیاقەدا هەیەتی، ئەوەندەی تایبەتە بە (هۆکاری یەکەم– العله الاولی) ، ئەوەندە تایبەت نییە بە زمان. ئەم دەقەش پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەزمانەوە نییە و لەڕاڤەکردنیدا لەدەرەوەی واتای فەرهەنگی وشە مامەڵە لەگەڵ (وشە)دا کراوە. ئەمە جگە لەوەی ئێستا لە زمانەوانیدا ئەوە ڕونبۆتەوە کە زمان تەنیا ناولێنان نییە و پاش سەرهەڵدانی توێژینەوەکانی بواری سیمانتیکی لۆجیکی، ئەو بۆچوونە کەوت کە لای وابوو: زمان لیستێك ناوە و شتەکان پۆلێن دەکا[5] . چونکە لە ڕاستیدا واتا ناکەوێتە ئەو پانتاییەوە کە لە نێوان( ناو) و (ناولێنراو) دا هەیە، مەسەلەی دولایەنیش لەم بوارەدا دەمێکە لە زمانەوانیدا ڕەتکراوەتەوە ، تەنانەت (ناوگەراکان– الأسمیون)یش" لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەم پرسەیان سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان (وشە) و (شت) وروژاند و لەبەرامبەریشدا، لەو باوەڕەدابوون کە دەبێ هەرسێ چەمکی(واتا، ناونان و شیان) لەیەکتر جیابکرێنەوە"{سلفیان اورو:١٣}. دیارە ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕاڤەکردنی واتا بە پشتبەستن بە پرەنسیپی دولایەنی (وشە–شت) سەرنەکەوتووە.

ئێستە ئەم بۆچونە تاکسۆنۆمیکییە بەتەنگ ئەرکی وشە و دانەکانی تری زمانەوە نایەت و کردەی گەیاندن کە ئەرکی سەرەکی زمانە، تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە ئەرکی ناولێنان لە


[5] ئەم بۆچونە واتە: ئەوەی کە زمان لیستێك ناوە بۆ پۆلێنکردنی شتەکان، بۆچونێکی (تاکسۆنۆمیك–Taxonomic ) ییە، ((ڕەگو ریشەیەکی ئەرستۆیی هەیە، دواتریش لەلایەن لۆجیکزاننانی پۆرترۆیاڵەوە جەختی لێ کراوەتەوە)).{روبیر مارتان:٢٠٠٧:١٢٢}.

بنەڕەتدا جۆرێکە لە وەهم و واتای هەر وشەیەك تایبەتمەندییەکی ئەمیبیایی هەیە و " ئاماژە و واتای هەر وشەیەك مەبەستی- Intentional یە"{روبیر مارتان:۱۲٦:۲۰۰۷} و ناکرێ لەبەرامبەر هەر وشەیەکدا یەکەیەکی واتایی دیاری بکرێ.

## ٢-٥ وشە لە نێوان (سیمانتیك) و (ڕێزمان)دا

لە بڕگەی ٢-٢ ی ئەم توێژینەوەیەدا ، ئاماژە بەوە کرا کە هەوڵە ڕێزمانییەکان بۆ پێناسەکردنی وشە سەرکەوتو نەبوون و ڕوانگەی ڕۆنان و پێوانەی واتا، هۆکاری سەرەکی ئەم سەرنەکەوتنە بوون. دوابەدوای ئەمە جارێکیتر ئەم دانە زمانییە(وشە) ڕوبەڕوی سیمانتیك کرایەوە، هەرچەندە سیمانتیك هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە خۆی بە لێکدانەوەی واتای وشەوە خەریك کردبو، بەلأم ئەمجارە توێژەران هاتنەسەر ئەو ڕایەی کە ڕێبازی زانستی لەم بوارەدا وا پێویست دەکا کە(( وشە بە یەکێك لە دانە سەرەکییەکانی سیمانتیك دابنێن)){بالمر:٤٠}. لەمەشدا بەوە پشت ئەستور بوون کە وشە دانەیەکی دەستلێهەڵنەگیراوی شیکردنەوەی واتاییە، بەو پێیەی کە لەئاستی شیکردنەوەی واتاییدا، وشە (چەق)ە. ئەم پرسە سەبارەت بە سیمانتیك نوێ نییە و هەڵهێنجراوی ئەو دابەشکردنییە کە نیدا Nida لە هەفتاکانی سەدەی ڕابوردودا کردویە و تیایدا یەکە واتاییەکانی بۆ چوار بەش جیاکردۆتەوە[6] :

١- یەکەی واتایی (وشە)
٢- یەکەی واتایی لە وشە گەورەتر(ڕۆنان)
٣- یەکەی واتایی لەوشە بچوکتر(مۆرفیم)
٤- یەکەی واتایی دەنگی[7]




**هێڵکاری -٢-**

6 بڕوانە: Nida,E.A., 1975,Componentional Analysis of MeaningMouton.
بەهۆی: احمد مختار عمر(د.)، علم الدلالة،١٩٨٢،مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع،الكويت.

7 بەلأم ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پێمان وایە کە دەنگی تەنیا ناکرێ لە سیمانتیکدا یەکە بێ ، بەلأم دەتوانێ ئەرکی واتایی ببینێ.

لەم هێڵکارییەشەوە، دوبارە ئەوە دەردەکەوێ کە وشە دانەیەکی تەوەرەییە لە ئاستی سیمانتیکدا، بەڵام تەنیا دانە نییە و وەك سروشتیش ناکرێ تەنیا نە تایبەت بکرێ بەو ئاستە و نە بە ئاستێکی دیاریکراوی ڕۆنانی و هەمو ئاستە شیکردنەوەییەکانی زمانیش توێژینەوەی لەبارەوە دەکەن و وەك یەکەیەکی زمانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن نەك دانە .

## ٢-٦ وشە: وەك یەکەیەك لە شیکردنەوەدا

وەك لە بابەتی پێشودا دەرکەوت، وشە یەکەیەکی زمانی فرەڕەهەندە و بەتەواوی ئینتیما بۆ یەك ئاستی ڕۆنانی ناکا، بەڵکو لەهەموو ئاستەکاندا بوونی پێویستە، چونکە لە بنەڕەتدا وشە یەکەیەکی بیر نوێنە. کاتێکیش دەگوترێ: وشە بیر دەنوێنێ، مەبەست ئەوەنییە کە وشە(( بیر وەردەگێڕێ.... ، وشەکان ئەو توێژاڵە تەنکە نین کە لە ڕوخساردا بیر زیاد دەکەن، بەڵکو بیر بانگ دەکەن و ئاماژەی پێ دەدەن)){میشیل فوکو:٨٥}.

ئەم خستنەڕوە جارێکیتر ئەوە ئاشکرا دەکا کە کردەی نواندنی بیر لەلایەن وشەوە یەکجەمسەری نییە، چونکە وشە نەك تەنیا گرفتی بۆ ئاستە ڕێزمانییەکانی زمان دروست کردوە، بەڵکو لە سیمانتیکیشدا دانەیەکی ئەوەندە سانا نەبوو کە بتوانرێ بەشێوەیەکی سیستماتیکییانە لە جێگەیەکی دیاریکراوی شیکردنەوەی سیمانتیکیدا ئۆقرە بگرێ . لەبەر ئەوەی هەر وشەیەك لە وشەکان بەرامبەر زیاتر لە یەك (سێمیم-sememe [8]) دەوەستن. توانای شیکردنەوەی وشەش بۆ سیما واتاییەکان ئەوە دەخاتە ڕو کە ئیتر دەبێ واز لەو بیرۆکەیە بهێنن کە (( وشە یەکەیەکی سروشتیی سیمانتیك بێ)){بالمر:٤٥}. چونکە هەر وشەیەکی ناوەرۆکی content word لەوە زیاترە کە سیما واتاییەکانی دەینوێنن. بۆ نمونە وشەیەکی وەکو: (ژن) لە سیما واتاییە سەرەکییەکانییەوە:

+مرۆڤ
_نێر
+هەراش

ئەوە بەدیار دەکەوێ کە وشەی ژن هەمو ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە کە وادەکا جۆرێکی دیاریراو لە مرۆڤ ببێتە (ژن). هەر بۆیە بەپێی مەبەستە جیاجیاکانی بەکارهێنانی ئەم وشەیە، واتاکانی<مێینەیەتی، لاوازی هێزی ماسولکەیی، + چەوساوە، + ناسك، – ماو[9] و ...... هتد > دەگرێتەوە، بەڵام ئەم وشەیە لەهەر بەکارهێنانێکی سیمانتیکیدا یەکێك لەم واتایانە چڕدەکاتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی _وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا_ وشە یەکەیەکی زمانییە نەك دانە، بۆیەشە ئەم یەکەیە کۆمەڵێ ڕەهەندی ڕۆنانی و کۆمەڵێ سیمای واتایی لەخۆدەگرێ، بەپێی بەکارهێنانە سیمانتیکییەکانیشی ڕەهەند و سیماکانی دەناسرێتەوە نەك بەهۆی دەرکەوتن و وەستانییەوە. کاتێکیش پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی دەڵێ: "مەسەلەی بنجی بچوکترین مەسەلەیەو پەیوەندی بەهیچ مەسەلەیەکی ترەوە نییە و سەربەخۆیە"{فیصل غازی : ٦٨}، ئەم بۆچونەیان لەوەوە سەرچاوەدەگرێ کە ئەم قوتابخانەیە لەبواری شیکردنەوەی زمانیدا هەستی بەو ڕاستییە کردوە کە وشە بەپێی هەر مەسەلەیەك

---

[8] زاراوە سێمیم لەبەرامبەر (یەکەی واتایی-semantic unit ) دا بەکار دێ. زاراوەی سێمیم بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٠٨ دا لەلایەن ئەدوەڵف نۆرینAdolf Noreen ی سویدییەوە بەکارهێنراو لە ١٩٢٦دا لەلایەن بلومفیلدەوە، چوە ناو توێژینەوە زمانەوانییەکانی ئەمریکاوە. بڕوانە: احمد مختار عمر(د.)، علم الدلالة،١٩٨٢،مکتبة دار العروبة للنشر والتوزیع،الکویت.

[9] لێرەدا وشەی (+ماو) -کە لە چاوگی (مان) ەوە هاتو- بەرامبەر وشەی immortal و وشەی(– ماو) بەرامبەر (فان)ی عەرەبی و mortal ی ئینگلیزی بەکارهاتوە.

ئەو واتایە دەگەیەنێ کە (دروستی– truth)ی مەسەلەکە دەیدا بەدەستەوە[10]. لەڕوانگەی سیمانتیکیشەوە هەر مەسەلەیەک کاتێ دروستە ئەگەر هیچ کەوتار و "هیچ مەسەلەیەکی بنجی تر دژی نەوەستێ" {Ramsey:4.211}. بۆنمونە ئەگەر بڕوانینە مەسەلەیەکی وەک:

–هەمو مرۆڤێك ناماوە.

–سۆکرات مرۆڤە.

–سۆکرات ناماوە.

لێرەدا مەسەلەی (سۆکرات ناماوە)،_ واتە سۆکراتیش نەمر نییە و وەک هەمو مرۆڤێکی تر دەمرێ_تیایدا جەخت لەسەر سیفەتی ناماویی مرۆڤ کراوەتەوە و وشەی سۆکرات زیاتر ئەو سیفەتەی مرۆڤی تێدا چڕبۆتەوە، هەرچەندە وشەکە بەناڕاستەوخۆ و لەبارە لاوەکییەکەیدا واتای< یۆنانی، پیاو، فەیلەسوف و ....هتد>یش بەدەستەوە دەدا.

لێرەوەیە کە دەگوترێ وشە لە ئاستەکانی شیکردنەوەدا گرفت دروست دەکا و لەهەر ئاستێکدا دەبێ لەسنور و میتۆدەکانی ئەو ئاستەی شیکردنەوەوەتوێژینەوەی لێ بکرێ و ڕاڤە بکرێ.

## ئەنجام

توێژینەوەکە دەتوانێ ئەوە بخاتە ڕو کە گریمانەیەکی سەلماندوە و لە بنەڕەتدا وشە لەهیچ ئاستێك لەئاستەکانی شیکردنەوەی زمانیدا دانەیەکی ڕەها نییە و بەڵکو وشە یەکەیەکی بیرنوێنە و لەهەمو ئاستێکدا بوونی پێویستە و شیکردنەوەی زمانی مامەڵەیەکی تەوەرەیی لەگەڵدا دەکا.

## سەرچاوەکان :

### بەزمانی کوردی


١– ڕەفیق شوانی(د.)، ٢٠١١، وشەسازی زمانی کوردی،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر.

٢– عبدالکریمی مدرس(مەلا) و محمدی مەلا کەریم،١٩٨٤،دیوانی مەحوی،چاپخانەی حسام ،بەغدا.

٣– عەبدولولحید موشیر دزەیی(د.)،٢٠١٠،واتاسازی وشە و ڕستە، چاپخانەی رۆژهەلآت ، هەولێر.

٤– فاروق عومەر سدیق(د.)،٢٠١١، لەدایکبونی وشە،چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٥– محەمەدیمەحوی(د.)،٢٠٠٩،زانستی هێما:هێما، واتا و واتالێکدانەوە،ب١،زانکۆی سلێمانی ، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی .


---

10 لە بنەڕەتدا دروستی هەر ڕستەیەك پابەندەوە بەوەوە کە تا چەند ئەو ڕستەیە دەتوانێ لە جیهانێکی شیاودا دەرکەوێ. وشەش کاتێ واتای دەبێ کە ببێتە پێکهێنی ڕستەیەك و ڕستەکەش لەڕوی سیمانتیکی لۆجیکییەوە دروست بێ ، هەر ڕستەیەکیش کاتێ دروستە کە" توانای هاتنی هەبێ لە جیهانێکی شیاودا"{ڕوبیر مارتان:٢٠٠٦:٤٤ } . واتە: ئەگەر ڕستەکە هەبێ ، بەو مەرجە هەیە کە بتوانێ لە جیهانێکی شیاودا بێ و دەرکەوێ، وەك هەقیقەتێك بسەلمێنرێ، لەڕوی لۆجیکیشەوە سەلماندی پابەندە بە کاتەوە، لەم میانەیەشدا " دو وێناکردن بۆ( شیان) هەیە:

أـ وێناکردنی دیۆدۆری: بەپێی ئەم وێناکردنە دو ئەگەر هەیە:

◊ ڕ ( ئێستا دروستە، یان ڕۆژێك دێ دروست بێ)

□ ڕ ( ئێستا دروستە و هەمو کاتێکیش دروس دەبێ)

ئەم بۆچونە پابەندە بە هێڵی کاتەوە.

ب ـ وێناکردنی کریبیکیا : بەپێی ئەم وێناکردنە شیانی دروستی وابەستەی کاتێکی بەتاڵە. کە تیایدا لەکاتێکی دیاریکراودا (شیان) دو ئەگەری هەیە: یان دروست یان نادروست".{ڕوبیر مارتان:٢٠٠٦: ٤٤}

**به زمانی ئینگلیزی**

6- Crystal,D.,1992,An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, Blackwell.
7- Geoffrey, Finch, 2000, Linguistic Terms and Concepts, MacMillan Press.
8- Hartmann, R.R.K, & Stork,F.C.,1976,Dictionary of Language and Linguistics, Applied Science Publisher , London .
9- Katamba, F. and Stonham ,T., 2006, Morphology, Palgrave Macmillan.
10- Martin Haspelmath,2002,Understanding Morphology, Oxford University Press.
11- Matthews,P.H.,2007, Oxford Concise Dictionary of Linguistics, Oxford University Press.
12- Ramssy,F.P.,1960,Review of "Tractatus. In: Essays on Wittgensten s Tractatus,Edited by Irving M. Copi and Robert W.Beard, Routledge and KegnanPaul,London.
13- Trask,R.L.,1993, A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, Rout ledge.

**به زمانی عەرەبی**

١٤- الكتاب المقدس ، العهد الجديد، انجيل يوحنا، ١٩٩٢، استانبول.
١٥- الأنجيل، قراءة شرقية،٢٠٠٣،اعداد نخبة من المختصين، دارالجيل ،بيروت.
١٦- احمد مختار عمر(د.)، علم الدلالة،١٩٨٢،مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع،الكويت.
١٧- بالمر.أف.أر.، علم الدلالة،١٩٨٥، ت: مجيدالماشطة، جامعة المستنصرية، العراق ز
١٨- روبير مارتان، ٢٠٠٧، مدخل لفهم اللسانيات، ت: د.عبدالقادر المهيرى، المنظمة العربية للترجمة،لبنان.
١٩- روبير مارتان،٢٠٠٦ ،في سبيل منطق للمعنى،ت:الطيب بكوش و صالح الماجري، المنظمة العربية للترجمة،لبنان.
٢٠- زكي نجيب محمود،١٩٧٣، المنطق الوضعي، الجزء الأول، الطبعة الخامسة، ،مكتبة الأنكلو المصرية، مصر.
٢١- ستيفن أولمان،١٩٨٦، دورالكلمة في اللغة،ت:كمالمحمد بشر(د.)،مصر.
٢٢- سلفيان أورو، ٢٠١٠، فلسفة اللغة، ت: عبدالمجيد جحفة،دار الكتاب الجديد المتحدة،لبنان.
٢٣- عبدالرحمن بدوى(د.)،١٤٢٧ه، موسوعة الفلسفة، الجزء الآول، قم ، ايران.
٢٤- فيصل غازي مجهول(د.)،٢٠٠٩، تحليل اللغة في رسالة فتجنشتاين المنطقية الفلسفية، دار الكتب العلمية،لبنان.
٢٥- ميشيل فوكو،١٩٨٨-١٩٨٩ ، الكلمات والاشياء،ت: فريق من المترجمين، مركز الانماء القومي،لبنان.
٢٦- يحيى عبابنة(د.) و أمنة الزعبي(د.)،٢٠٠٥،علم اللغة المعاصر،دارالكتاب الثقافي،الأردن.

**الملخص**

البحث تحت عنوان ( مفهوم الكلمة و مشاكلها في مستويات التحليل اللغوي: منظور دلالي). يهتم البحث بايضاح و ابراز مشاكل تعريف الكلمة و ماهيتها ، بحيث يرجع تلك المشاكل الى علاقاتها مع الفكر و ابعاده في عملية الاتصال الغوي.

البحث يحاول اثبات فرضيته و ان الكلمة ليست مغردة لغوية لأي مستوى من المستويات التركيبية للغة، بل أنها وحدة تمثيل فكرية و بذلك تكون وحدة محورية في مستويات التحليل اللغوي .

البحث اختتم بالنتائج و قائمة المصادر والمراجع.

## Abstract

*The Concept of Word and its Problems in the Levels of Analysis: Semantic Perspective*

*The paper hypothesizes that the concept of word is a problematic item in the levels of analysis since: (i) The word (idea) is new (ii) The word is a time-place item. Thus the aim of this paper is to provide evidence that the concept of a word neither belongs to any structural levels nor to any analysis levels .It is argued here that all the analysis levels deal with the word .According to this, it is a semantic unit not a linguistic item.*

*The paper ends with conclusions that are drawn from the hypotheses followed by a list of references.*